ئەندامێکی چالاکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لقی مەهاباد، دەستگیر کرا

سامان ڕەسول پوور، ئەندامی ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤ، کە ماوەیەک بەر لەئێستا چەندین جار بەبێ وەرگرتنی بانگهێشتی فەرمی لەلایەن دادگا، تەنیا لەسەر ئاسایی بانگهێشت لەڕێگەی تەلەفۆن بە ناچار سەری لەدادگە دابوو، ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٥/١٢/١٨ دەستگیرا کراوە. ئەو لەکاتی ڕووداوەکانی هاوینی شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تاوانەکانی وەک پرۆپاگەندە لەدژی سیستەم، هاوکاری کردن لەگەلّ پارتیەکی نایاسایی، دەرکەوتنی نایاسایی لەسنوور و هەوڵدان بۆ شێواندنی ئاسایشی نەتەوەیی، هاوڕێ لەگەلّ خانمی(زێبەن بایەزیدی) دەستگیر کرابوو و دواتر بە دانانی سەنەدی وەسیقە ئازاد کرابوو. تاوانی ئەم دواییەی ڕەسول پوور بڵاو کردنەوەی ناڕاستی لەڕێگەی وتووێژ کردنە لەگەلّ کەناڵەکانی دەنگو باسی هەندەران لەوێنەی کەناڵی (ڕۆژ تی ڤی) و ڕاگەیاندنی پەیامی مانگرتن لەخواردنو گوشارانی سەرخۆی لەکاتی ماوەی دەستگیر کرانی پێشووی دا.

سامان ڕەسول پوور ڕۆژێک بەر لەگیران، سەردانی یەکێک لەئەندامانی ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤی کوردستانی لەمەهاباد کردبوو، باسی لەهەبوونی مەترسی لەسەر خۆی کردبوو. ئەوەبوو دوای ئەو ڕۆژە دەگیرێ.

سەرچاوە: ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤی کوردستان

کۆنفرانسی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەلّات دواخرا

تایبەت بەڕۆژی گەل:

لەسەر پێشنیاری بەڕێز سامان شالی سەرۆکی کۆنگرەی نیشتیمانی کورد لەئەمریکا (کەی ئێن سی) بڕیار وابوو سەرەتای مانگی دیسێمبەری ٢٠٠٥ لە یەکێ لەشارەکانی باشووری کوردستان کۆنفرانسێکی تایبەت لەپێناوی پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش بۆ لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان پێکبێت، بەلّام بەهۆی نەڕەخسانی زەمینەی لەیەکتر تێگەیشتن لەنێوانی تەواوی هێزە سیاسییەکان ئەو کۆنفرانسە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا بەڕێوە نەچوو، بڕیار دراوە لەچەند مانگی داهاتوودا هەولّو تێکۆشان بۆ پێکهێنانی ئەو کۆنفرانسە چڕتر بکرێتەو ە سەرچاوەیەکی نزیک نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکرێ بە(ڕۆژی گەل) ی ڕاگەیاند: هۆکاری دواخستنی کۆنفرانسەکە ئەوەبوو کە هەندێ هێزی سیاسی ڕۆژهەلات ڤیتۆیان دڕ بە هەندێ ڕێکخراوی بچوک بە کارهێناو ئامادە نەبوون لەگەلّ ئەو ڕێکخراوانەدا کۆبوونەوەو بەرەیان لەگەلّدا دروست بکەن. ئەوەی شیاوی باسە ماوەیەک هەریەکە لەحزبی دیموکراتی کوردستانو کۆمەلّەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان ڕاو سەرەنجی خۆیان سەبارەت بە پێکهێنانی بەرەیەکی دیارکردووە، سکرتێری کۆمەلّەی شۆڕگێڕی زەحمەتکێشان چەند جار بانگەوازی پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەشی لەگەلّ لایەنە سیاسییەکاندا هێناوەتە بەر باسو لێکۆلینەوە. هەروەها ڕۆناکبیرو نووسەرانی ڕۆژهەلّاتیش ماوەیەکە بە دەنگی بەرز داوای پێکهێنانی بەرەی ڕۆژهەلّاتی دەکەن.

لەسەر ناوی ئەحمەد کایا گرفت بۆ شارەکانی دەریک دروست دەبێ



بە پێی هەواڵێک سایتی (هابەر ئیکس) ی تورکی، ئەنجوومەنی شارەوانی شارۆچکەی دەریکی سەر بەشاری ماردین، پارکێکی نوێی بۆ دانیشتوانی شارەکە بە ناوی هونەرمەندی کورد (ئەحمەد کایا) دروست کردووە، بەلّام قایمقامیەتی شارۆچکەکە ڕازی نییە پارکەکە ئەو ناوەی لێبنرێت. سەرچاوەکە بڵاویکردۆتەوە کە قایمقامیەت نووسراوێکی تایبەتی سەبارەت بەم مەسەلەیە بۆ ئەنجوومەنی شارەوانی ناردووە، تێیدا هاتووە کە ئەم ناوەی لەسەر پارک دانراوە لەگەلّ کۆمەلّگەی ئێمە ناگونجێت، ئەم ناوە بەلای پارچەبوونەوە دەچێت، سەبارەت بەو کێشەیە سەرۆکی شارەوانی دەریک (ڕەمەزان کەپار) لەلێدوانێکیدا وەلّامی ئەم نووسراوەی قایمقامیەتی داوەتەوە گوتوویەتی: ناوی هونەرمەند ئەحمەد کایا هیچ خراپەکی پێچەوانەوەی بۆ کۆمەلّگە تێدانییە، کایا هونەرمەندێکی جەماوەری بوو، بۆیە ئێمەش ئەو ناوەمان لەسەر پارکەکە داناوە. ئەم کێشەیە لەئەنجوومەنی شارەوانی خۆمانەوە باس دەکرێت، ئەگەر هەمان بڕیار دەرچوو، ئەوە دووبارە لەقایمقامیەت قەبوڵ ناکەینو ئێمە کێشەکە بۆ بەردەم دادگا دەبەین.

خوێندکارێکی کورد ٣ ساڵ زیندانی بۆ بڕیارەوە

بە گوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ، هۆبەی دووی دادگەی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەشاری بۆکان سزای ٣ ساڵ زیندانی بۆ (عەلی پاسیار) خوێندکاری زانستگەی تەورێز بڕیەوە. ئەوەی شیاوی باسە(٤)مانگ لەمەوبەر ئەو خوێندکارە لەلایەن دەزگەی ئاسایش دەستگیرکرابوو، تۆمەتی ئەوەی دراببوە پاڵ کە لەدژی هێمنایەتی نەتەوەیی ئێران دەجوڵێتەوە و کاری ئاژاوەگێڕی و خراپەکاری ئەنجام دەداتو هاوکاری لایەنە کوردیەکان دەدات. هەروەها تۆمەتی ئەوەی دراببوە پاڵ کە بە نایاسایی سنووری وڵاتی بەزاندووە. هەرچەندە ئەو تۆمەتانە لەسەر ناوبراو ساغ نەبوونەتەوە بەلّام دادگە سزای ٣ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاند.

کوردێک ٢ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنرا

ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/١٨ دادگـــــەی ئەولەکاری دەولّەتی سوریا لەدیمەشقی پێتەختدا سزای دوو ساڵ زیندانی بەسەر وڵاتی (محەمەد بیلال) ی کورد، بە تۆمەتی ئەوەی لەڕێکخستنێکی نایاسایی ئەندام بووەو هەوڵی لەتکردنی وڵاتی داوە، داسەپاند. ئەوەی شیاوی باسە محەمەد بیلال سەرەتا ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن دەزگای ئاسایشی وڵاتی سوریاوە گیرابوو، ماوەی نزیکەی ٢ ساڵە لەزیندان دایەو، بە هۆی ڕەوشی سەختی زیندانەوە دووچاری نەخۆشی دەڕوونی هاتووە. دادگەی ئەولەکاری سوریا بۆ خۆدزینەوە لەکرۆکی سەرەکی، ئەو کوردانەی کە لەزیندانەکانی سوریەدا تووندکراون، بە ئەندامێتی ڕێکخراوی (ئەلقاعیدە) تۆمەتبار دەکات، لەکاتێکدا لەدوور و نزیکەوە پەیوەندیان بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدەوە نینو ئەندامی لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژئاوای کوردستانن. لەلایەکی دیکەشەوە ئاشکرابووە کە ١٤ کوردی دیکە لەزیندانەکانی سوریەدا چاوەڕوانی دادگەییکردن دەکەنو تۆمەتی ئەوەیان دراوەتە پاڵ کە ئەندامی ڕێکخراوەی ئەلقاعیدەنو دادگەییکردنیان بۆ مانگی داهاتوو دواخراوە.

تورکیا: نابێ کورد براوەبێ، یەک ملیۆنو نیو تورکمان لەسوریەدا هەن

میدیاکانی تورکیا هەستیان بە گوشارەکانی نێودەولّەتی بۆ سەر ڕژێمی سوریا کردووە، لەو باوەڕەدان لەداهاتوودا هێرش دەکرێتە سەر سوریاو ئەو ڕژێمە دەڕوخێنرێ. هەر لەئێستاوە دەیانەوێ بە بیانوێ هەبوونی تورکمان لەو وڵاتەدا ڕۆڵی تورکیا زەق بکەنەوە و خۆیان بۆ لەشکرکێشی ئامادەبکەن. لەو ڕۆژانەی ڕابردوودا گۆڤاری (ئاکسیۆن) لەوتارێکی خۆیدا نووسیویەتی یەک ملیۆنو نیو تورکمان لەشارەکانی (حەلەب، لازیقە، حمس، حەماو دیمەشق) دا دەژینو خۆیان بە خەلّکی سوریا دەزانن، ئەمەش دەردەخات کە تورکمان ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهاتەی وڵاتی سوریایە!!. ئەوەی شیاوی باسە کوردانی هەندەران و ڕێکخراوە کۆمەلّایەتیو ڕۆشنبیریەکان بۆ پشتیوانیکردن لەڕۆژ تی ڤی هەلّمەتی ئیمزاکۆکردنەوەیان وەڕێ خستووە، تا ئێستا بە هەزاران کەس و دەیان ڕێکخراوی جڤاکی و ڕۆشنبیری لەو هەلّمەتەدا بەشداربیان کردووە، داوا لەحکومەتی دانمارک دەکەن کە ڕێگە لە ڕایەلّەی ئاسمانی ڕۆژ تی ڤی تاکە دەنگی ئازادی کوردانی باکوری کوردستان نەگرێ. ڕەتکردەوە. دەرکەوت کەمتر لەنیو ملیۆن تورکمان لەشارەکانی عێراقدا دەژینو بۆشیان نەچووە سەر بەو بیانۆیەوە بێنە ناو عێراقو بەرنامەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. بەلام ئەمجارەیان وەک مەسەلەی شەڕی عێراق - هاوپەیمانان ناکەن، دەیانەوێ براوەی سەرەکی کێشەو گرفتەکانی سوریا لەگەلّ ئەمریکاو ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بنن. ژەنەڕاڵەکانی تورک ڕۆژێ لەڕۆژان باسیان لەتورکمانی سوریەو چەوساندنەوەی ئەوان نەکردووە بەلّام ئێستا ئەو باسە دەهێننە گۆڕێو داوا دەکەن کە مافی تورکمان بپارێزرێو پێشێل نەکرێ. تۆرانیەکان لەوە دەترسن کورد لەکێشەی نێوان سوریە و ئەمریکا براوە بێو لەڕۆژئاوای کوردستانیش دەروازەی ناسنامەی نەتەوەیی و مافی نەتەوەیی بۆ کوردان بکرێتەوە. سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کردووە هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان (سوریە) لەمانگی ئازاری داهاتوودا لەژێرچاودێری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆنفرانسێکی بەرفراوان لە(واشنتەن) بە ڕێوەببەنو باس لەناسنامە و مافی نەتەوەی کورد لەوڵاتی سوریەدا بکەنو ڕێگەچارە بۆ ئەو کێشەیە بدۆزنەوە کە بە درێژایی (٩٠) ساڵی ڕابردوو ڕژێمی سوریا زۆرداریو ستەمکاری دەرهەق بە کورد ئەنجامی داوە.

پەرلەمانتارانی دانمارک پشتیوانی لەڕۆژ تی ڤی دەکەن

دوای ئەوەی حکومەتی تورکیا داوای داخستنی کەناڵی (ڕۆژ تی ڤی) لەحکومەتی دانمارک کرد و تۆمەتی ئەوەی خستە پاڵ کە هانی تووندوتیژی دەداتو پشتیوانی لە (پەکەکە) دەکات، حکومەتی ئەمریکاش بۆ هاودەنگی لەگەلّ تورکیا بە بیانۆی ئەوەی ئەو کەناڵە لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە باروبوو دەکرێتو ئەو لایەنە کوردستانیەش ناوی لەلیستی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکاندایە، بەنهێنی داوای لەدانمارک کردووە کە گوشار بۆ سەر ڕۆژ تی ڤی بهێنێ و دایببخات. بۆ ئەم مەبەستە دۆسەی ڕۆژ تی ڤی لەدادگەی دانمارک کرایەوە، بەلّام ژمارەیەک پەرلەمانتاری دانمارک ئەو داوایەی تورکیاو ئەمریکا ڕەت دەکەنەوەو بەتاوای پشتیوانی لەپەخشی کەناڵی ئاسمانی ڕۆژ تی ڤی دەکەن. بۆ ئەم مەبەستە (ناسر قادر) پەرلەمانتاری پارتی لیبرالو(ژێپێ ڤۆفۆیەد) پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتو (گێل هۆلگەر) سەرۆکی پێشووی پارتی سۆسیالستو ئەندامێکی لیستی (ڕۆنە لوند) دەستیان بە هەلّمەتی ئیمزاکۆکردنەوە کردووەو تا ئێستا واژۆی ژمارەیەک پەرلەمانتاریان وەرگرتووەو داوا لەحکومەتی دانمارک دەکەن کەنەچێتە ژێر گوشاری تورکیاو ئەمریکاو ڕێگە لەپەخشی ڕایەلّەی ئاسمانی ڕۆژ تی ڤی نەگرێت. ئەو پەرلەمانتارانە هەبوونی کەناڵی تەلەفزیۆنو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەو خوێندن بەزمانی کوردی بۆ کوردانی باکوری کوردستان بە ڕەوا دەزانن. ئەوان داخستنی ڕۆژ تی ڤی بە دژایەتیکردن لەگەلّ ئازادیو مافی مرۆڤ لێکدەدەنەوەو نایانەوێ وڵاتەکەیان ئەو هەنگاوە هەلّێنێتەوە. ئەوەی شیاوی باسە کوردانی هەندەران و ڕێکخراوە کۆمەلّایەتی و ڕۆشنبیریەکان بۆ پشتیوانیکردن لەڕۆژ تی ڤی هەلّمەتی ئیمزاکۆکردنەوەیان وەڕێ خستووە، تا ئێستا بە هەزاران کەس و دەیان ڕێکخراوی جڤاکی و ڕۆشنبیری لەو هەلّمەتەدا بەشداربیان کردووە، داوا لەحکومەتی دانمارک دەکەن کە ڕێگە لە ڕایەلّەی ئاسمانی ڕۆژ تی ڤی تاکە دەنگی ئازادی کوردانی باکوری کوردستان نەگرێ.

هەواڵ

*تەرمی کچێکی دەدۆزرێتەوە ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٧ تەرمی کچێکی ٢٦ ساڵە لەبەندەوای بێخمە دۆزرایەوە. دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت ئەو کچە ڕۆژ ٢٠٠٥/١١/٢٤ لەگوندی گریستی سەر بە ناحیەی دینارتە ڕفێندراو. ئەو ماوەیە هیچ سۆراخێکی نەبووە، تا سەرئجام دوای دوو هەفتە ئەوسا تەرمەکەی لەبەندەوای بێخمەدا دۆزرایەوە. تا ئێستا هۆکاری ڕفاندنو خنکاندنی ئەو کچە نەزانراوە.

* خوێنکارێکی ١٢ ساڵە گیان لەدەست دەدات ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٦ لەئاکامی ڕووداوی ئۆتۆمۆبیلدا خوێنکارێکی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی، تەمەنی ١٢ ساڵ، خەلّکی قەلادزێ بەناوی (ڕابەر ڕەشید) گیان لەدەست دەدات. بەداخەوە لەبەر ڕەچاونەکردنی ڕێنوێنیەکانی ڕێگاوبانو سەرپێچی کردنی یاساکانی لێخوڕینو خراپی ڕێگاوبانەکان، ڕۆژانە چەندین کارەساتی دڵتەزێن ڕووددەنو وڵاتیان دووچاری مەرگو زیان دەبنەوە.

*ئۆتۆمۆبیلی وڵاتیەک دەڕفێندرێ ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/١٨ وڵاتی (عەولا حەسەن مەنگوڕی) خەلّکی گەڕەکی قالاوەی شارۆچکەی حاجیاوا دەچێتە هەولێر، لەوێ لەبەردەم پێشانگایەکی کرینو فرۆشتن، کەسێکی نەناسراو داوای کرینی ئۆتۆمۆبیلەکەی لێدەکات. لەسەر نرخ ڕێکدەکەون. بەمەبەستی ئازمایشو تاقیکردنەوە کابرا ئۆتۆمۆبیلەکە بۆ ترایی دەبات‌و ئیدی ناگەڕێتەوە خاوەنی ئۆتۆمۆبیلەکە لەبنکەی پۆلیس داوای تۆمارکردووە، بەلّام تا ئێستا هیچ هەواڵێک لەدزەکەو ئۆتۆمۆبیلەکە نییە. خاوەنی ئۆتۆمۆبیلەکە زۆر نیگەرانەو دەپرسێت چۆن دەکرێ بە ڕۆژی ڕوناک لەپێتەختی هەرێمدا ئۆتۆمۆبیل بڕفێنرێو کەسیش دادت وەرنەگرێ.

لەسنووری حاجی ئۆمەرانەوە وڵاتیەک دەکوژرێت

بەگوێرەی هەواڵ ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٥ لەسنووری حاجی ئۆمەرانەوە وڵاتی (ماهیر مەندان) خەلّکی گوندی دۆڵەپسانی شاری ورمێ دەیەوێ لەگەلّ چەند کەسێکی دیکە تەرمی خزمێکیان بەرەو باشووری کوردستان بەڕێ بکەن بەلّام هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەبیانۆی ئەوەی ناوبراو پسولەی نییەو بۆی نییە بچێتە ئەودیوی سنوور، ڕێگەی لێدەگرنو سووکایەتی پێدەکەن، بەمەش مشتومڕ لەنێوانیاندا پەیدادەبێت، چەکدارێک بە قۆناغە تفەنگ لەپشتەسەری ماهیر دەدات، بەهۆی کاریگەری ئەو لێدانە دەست بەجێ ماهیر مەندان گیان لەدەست دەدات.

وڵاتیەک دەکوژرێ

*ڕۆژی١٩ /٢٠٠٥/١٢ تەرمی وڵاتی (عەلیعومەر) ناسراو بەعومەر خەنجەر ، دانیشتووی هاوینەهەواری پیرمام (سەلاحەدین) لەناو باخەکەی خۆیدا بەکوژراوی دۆزرایەوە . ناوبراو تەمەنی ٥٥ ساڵانەو ڕەبەنە . کوژراو و کێشەو ناخۆشی لەگەلّ کەس نەبووە ، بەلّام لەگەلّ زێرباکانی خۆی لەسەر میرات و زەوی زاری کێشەی بنەماڵەییان هەبووە .پۆلیس و لێکۆڵەڕەوانی ناوچەکە گومان لە نزیکەکانی خۆی دەکەن و پێیان وایە ئەوان چاویان لەزەویەکانی بڕیوەو دەستیان لەکوشتنەکەیدا هەیە : تائامادەکردنی ئەم هەواڵە لێکۆلینەوە بەردەوامە و بکوژی عەلی عومەریش نەناسراوە.

خوێندکارێک لەکار کردن دەمرێ

سۆران ڕەسول،خوێندکاری پۆلی دووەمی ناوەندی ، دانیشتووی قەڵادزێ ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٨ لەکاتی کار کردن لە ئاپارتمانێکی بەرزدا دەکەوێتەوە خوارەوە ئازارێکی زۆری پێدەکەوێت، بەداخەوە گیان لەدەست دەداتو دەمرێ. مەرگی ئەو لاوە نیگەرانیو خەمێکی گەورەی بۆ هاوڕێلان‌و نزیکەکانی بەجێهێشتووە، چونکەو ناوبراو خوێندکاری دووی ناوەندییەو هی ئەوە نییە کاری پێبکرێ.

سنە: ئیجلال قەوامی بە نهێنی دادگەیی کرا

بەپێی هەواڵەکان ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٢٢ سێ ڕۆژنامەوانی کورد بەناوەکانی ئیجلال قەوامی،و ڕوئیا تلوعی،و سەعید ساعیدی، لەهۆبەی یەکەمی دادگەی شاری سنە بە نهێنی دادگەیی کراون. ئەو سێ ڕۆژنامەوانە لەکاتی سەرهەڵدانی شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەمانگی گەلاوێژی ئەمساڵدا بە تۆمەتی ئەوەی هانی خەلّکیان داوەو هێمنایەتی وڵاتیان شێواندووە دەستگیر کرابوون‌و زیندانی کرابوون، بە کەفالەت ئازاد کرابوون. سەرچاوەکانی هەواڵ دیاریان کرد کە ئیجلالی قەوامی ڕۆژنامەوان‌و چالاکی سیاسی کورد لەگەلّ ٢ کەس لەپارێزەرانی، بەڕێزان دوکتۆر نیعمەتی ئەحمەدی‌و عەباسی جەمالّی ئامادەی هۆبەی یەکی دادگای ئینقلاب لەسنە بوو. لەم دادگاییەدا کە نوێنەری دادستانیش بەشداربوو، قازی (بابایی) ئەو تاوانانەی کە دادستان وەپاڵ قەوامی داوە خوێندەوە، دادستان ئیجلال قەوامی

لە٨ خاڵ بە تاوانبار ناساندووە کە بریتین لە:

١ - بێ حورمەتیکرد بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران.

٢ - چالاکی‌و بانگەشە دژی حکومەت.

٣ - بەشداری چالاکانە لەکۆبوونەوەکانی پێش ئوستانداریی‌و پارکی ئیستیقلالی سنە.

٤ - پشتیوانی‌و لایەنگریی لەحیزبی دیموکرات بەنووسینی وتارێک بەسەردێڕی "ڕەخنەیەک لەسەر کوردە "ڕیفۆرمخوازەکان.

٥ - چاوپێکەوتن لەگەلّ یەکێک لەکادرەکانی‌پەژاک لەسنە.

٦ - پێوەندیی تەلەفۆنی لەگەلّ بەشێ تەشکیلاتیی تاقمی پەژاک.

٧ - دیدار لەگەلّ کەسانی تاقمی موفتی زادەو لایەنگریی لەمەکتەبی قورئانو پێوەندیی لەگەلّ کەسێک بەناوی ڕزگار مورادی.

٨ - ڕاگرتنی دیسکی ئالای کوردستانی گەورەو مانۆڕی هێزە چەکدارەکانی دژی شۆڕش.

پاشان ئیجلال قەوامی وێڕای ڕەت کردنەوەی هەموو تاوانەکان، ئەرکی دادکۆکی لەخۆی بە پارێزەرانی سپارد. ئەوسا پارێزەر دوکتۆر نیعمەتی ئەحمەدی ڕایگەیاند کە لێپرسینەوەی تاوانگەلی سیاسی دەبێ لەدادگەی گشتیداو بە بەشداری دەستی مونسیفە بەڕێوەبچێت. دواتر گوتی: هەموو تۆمەتەکان بەتاوان لەسەر قەوامی ڕانەگەیەندراون. ئەو بەندەش کە دادستان تاوانەکانی لێ ڕاکێشاوە، بەندی ١٨٩ ی یاسای سزای ئیسلامی "موحاربە" - لەگەلّ دەبڕیارنیەکانی لێپرسکار یەکناگرنەوە. ناکۆکی نێوان قسەکانی دادستانو لێپرسکار پێشان دەدات. دادگە قسەکانی بەڕێز ئەحمەدیی سەلماند. بەم شێوەیە جەلەسەی دادگەی ئیجلال قەوامی تا ڕوون بوونەوەی ناکۆکیی بۆچوونی دادستانو لێپرسکار لەسەر بەندی ١٨٦ ی یاسای سزای ئیسلامی -"موحاربە"، وەدوا خرا.